# تامان شاكر دەیەوێت رەش و سپیمان لێ تێكەڵ بكات

**بەشدار علی**
**Bashdar_net@yahoo.com**

كۆمەڵگای كوردستان پریەتی لە كێشە و گرفتی ئابوری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ....كە بوونی ئەو كێشە وایكردووە بە ناچاری دەیەها دیاردەی نەخوازراو و نا شیرن لە شەقامەكانی شارەكان هەستی پێبكرێت ,بێگومان بوونی ئەو دیاردانە هیوا و ئامانجی ئەنجامدەرانیان نیە,ئەگەر منداڵێك نەبوونی ساكارترین یاری منداڵانەی هەستی ئازار نەدات و برسی بوون تینی بۆ نەهێنێت ناچار نیە واز لە خوێندن بهێنێت و رۆژانە لە شەقامەكاندا خەریكی دەست فرۆشی بێت و جەستەی ناسكی لەبەر تینی گەرماو سەختی سەرمادا دابرزێنێت,ئەگەر ئافرەتێك مسۆگەركردنی نانە رەقەی بەیانی فشاری بۆ نەهێنێت ئامادە نیە هەر سەعاتێك جەستەی خۆی بە كەسێك بسپێرێت,ئەگەر گەنجێك دەروازەیەكی كەمێك باشتر و تروسكایەكی روناكی لەم مەملەكەتە شك بەرێ و كەمێك هەست بە ئارامی دەروونی بكات ئامادە نیە كەلتووری تەمەنێك دۆست و ئازیزانی ژیانێك جێ بهێڵێت...

بەهەرحاڵ هەموو ئەوانەی گووتم لە پەراوێزی چەند دێرێكی خاتوو تامان شاكر لام دورست بووە كە لە هەفتەنامەی جەماوەری ژمارە(252) كە لەژێر سەردێری (كاتێك ژنان گەندەڵ دەبن) نوسیویەتی,بە كورتیەكەی ئەم خاتوونە لە چەند دێرێكدا رەخنە لەو ژنانە دەگرێت كە لە دامو دەزگایەكدا بەرپرسن و خەركی كۆكردنەوەی سەروەت و سامانن و هەستی نیشتیمان پەروەری و خۆشەویستی وڵاتیش نەماوە!

لە سەرەتادا لە خاتوو تامان دەپرسم, كێن ئەو ئافرەتە بەرپرسانەی كە سەروەتی وڵاتیان لەبەردەستدایە و خەریكی خانوو و سەیارە و كۆمپانیا و كارگە دورست كردنن؟دەكرێت چەند

نمونەیەکمان بدەیتیٚ؟ ئەوەی بە چاویلکەیەکی لێڵەوە سەیری ڕووداوەکان نەکات و بیەوێت پەیامی ڕاستی بگەیەنێت دەزانیٚ  کە هەموو ئەو ئافرەتانە خێزان و کچ و خزم و دۆستی یەکێك لە بەرپرسە باڵاکانی دەسەلاٚتدارانی کوردستانن کە بە لێشاو پارەی خەڵکیان دەخرێتە بەردەست و ئەوانیش لە پرۆژەی بازرگانی جۆراو جۆردا دەیخەنە گەڕیان هەر بەرپرسێك لە داموودەزگایەکی داناوە و بۆ ئەوەی زۆرترین دەسکەوتی دەست کەوێت ,جگە لەمەش خاتوونی بەرێز ئەوە چ ئافرەتێکە ئەگەر خزم و دۆست و نزیکی یەکێك لە بەرپرسە باڵاکانی پارتی و یەکێتی نبێت لە دامودەزگایەك پۆستێکی باڵای پێدەدرێت و پارەی دەخرێتە بەر دەست؟دیارە ئەو چەند ساڵەی کە جەنابت لە کوردستان ژیاویت بیٚ ئاگای لەوەی کە بە هەزارەها کچ و ئافرەت دوای تەواوکردنی خوێندنیش ئەگەر بەرپرسێکی نەناسیبێت تەنانەت داشی نامەزرێنن نەوەك پۆستێکی بدەنیٚ و خەریکی گەندەڵی بێت و پارە کۆکردنەوە بێت! !

بۆیە خاتوو تامان دەبوایە بەبیٚ ترس و دڵە ڕاوکیٚ ژنە گەندەڵەکانی باس کردایە و ئەوانەی پشتەوەی ئەو ژنانەشی کردووە بە گەندەڵ ئاشکرا کردایە , نەوەك بەم شێوەیە نا دورستە قسە بکات,چونکە لە نوسینەکەیدا ئەوە دەخوێندرێتەوە کە هەموو ئافرەتێکی خاوەن کاری دەرەوە لە گەندەڵی و دزیەکانی کوردستان بەرپرسیارە.

ئازیزم پێویستە شتەکان وەکو خۆی لێك بیٚینەوە,لە کوردستاندا گەندەڵی و دزی و ڕاووڕووت و بە هەداردانی سامانی خەڵك تا ئەو پەری خۆی گەیشتووە ,بەرپرسەکان لەوپەری نازونیعمەت و خۆشگوزەرانی دەژین ,ئەو (ژنە گەندەلاٚنەی) کە خاتوو تامان باسیان لێوە دەکات شێوازێکی تری گەندەڵی بەرپرسانی کوردستانە کە سەرگەردانی و نەبوونی یاسا و دەستورێکی مەدەنی و یەکسانیان قۆستۆتەوە و بە هەموو شێوەیەك خەریکی کۆکۆدنەوەی سامانی زیاترن, بەشی هەرە

زۆری خەڵکیش ناچار بە ناخۆشترین کار و پیشە کراون و بۆ سەرەتاترین پێداویستیەکانی ژیان لێیان بۆتە بە خۆزگە و خولیا,لەم نێوەندەشدا ئافرەتانی کوردستان بەشی شێریان بەرکەوتووە ,رۆژانە بە سەدانیان دەخنکێندرێن و گوڵە باران دەکرێن,بە سەدانیان ناچار بە خۆسوتاندن و خۆکوشتن دەکرێن,بە سەدانیان دووچاری پەلاماردان و دەست درێژی دەبنەوە, دەسەڵاتێکیش لەبەرامبەر ژیان و ئەمنیەتیان بەرپرسیاریەتی نیشان نادات ,نەوەکو ئەوەندە بەڵکولە ژێر سایەی دارزیوترین یاسا و دەستووردا حەزو هیواکانیان لێ کردوون بەسەراب,بەڵێ ئەوە ژیانی واقعی خەڵکی کوردستانە, بۆیە ئافرەت و پیر و پەککەوتە و گەنج و لاو منالَ ئۆزقاڵێك هەستی بەرامبەر ئەو وڵاتە نەماوە,ئەمە هۆکاری سەرەکی نەمانی ئینتمایەی خەڵکە بەرامبەر هەموو شتێك, نەوەکە ئەوەی کە خاتوو تامان باسی دەکات.

تامان شاکر دەیەوێت رەش و سپیمان لێ تێکەڵ بکات,ئەمەش لە هەموو نوسین و قسەکانیدا هەستی پێدەکرێت ,بەڵام بێئاگایە لەوەی کە خەڵکی کوردستان ئیستا هۆشیارن و لاپەرەی سپی دەخوێننەوە و ئەو ئەرکەشی کە خاتوو تامان لەسەر شانی خۆی داناوە لەگەڵ نارەزایەتی و گلەیەکی قوڵی خەڵك رووبەروودەبێتەوە بۆیە پێویستە شانی خۆی لەم ئەرکانە خاڵی بکاتەوە و دیاردەکان وەکو خۆی باس بکات.

**تێبینی_ئەو وەڵامە لە هەفتەنامەی جەماوەر ژمارە(253)بڵاوکراوەتەوە**